سروە عەباس ژاژڵەیی:

# ئەرکەکانیماڵەوە منی لە هونەرەکەم دوور نەخستۆتەوە

## هەر کەسێک ئەگەر خۆی تواناى خۆی بەکارنەهێنێت بڕواناکەم پێبگات



سروە لەشاری سلێمانی لە دایک بووە و هەردوو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشی لەم شارە تەواوکردووە، بەڵام پەیمانگەی هونەرە جوانەکان- بەشی شێوەکاری لە شاری هەولێر تەواوکردووە.
ئێستا مامۆستای باخچەی ساوایانە و هەر لە هەولێر دادەنیشێت.
سەرەتا، کە بە هۆی بارێکی سیاسی لە شاری سلێمانی بەخێزانەوە هاتینە هەولێر کەمێک ناخۆش بوو، بەڵام دواتر شاری هەولێر باوەشی بۆکردینەوە و جیاوازی نەکرد لە نێوان خەڵکانی خۆی و خەڵکی ئێمە خۆمان بە بێگانە نەدەزانی سەبارەت بە خۆم قوتابییانی پەیمانگەش زۆر زۆر بەگیانێکی فراوانەوە پێشوازییان لێکردم و هەموویان وەکو خوشک و برا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم.

دیمانە: فریشتە

لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەم بەشێوەیەکی تیۆرو هەم بە شێوەیە پراکتیک وانەکان دەخوێنن، کە ئەمەش بێگومان لە دواڕۆژدا سوودی خۆی دەبێت.

- دەتوانم بڵێم ئێستا لە سەدا سەد سوودمان لەو قۆناغانە بینیوە، کە لە پەیمانگەدا پەیڕەومان دەکرد چ لە ڕووی تیۆری چ لە ڕووی پراکتیکەوە، بەڵام لێرە ڕەنگە تا ڕادەیەک بەشێوەیەکی جیاواز کار لەگەڵ منداڵان بکەین نەک بەو شێوازەی، کە لە پەیمانگە کارمان دەکرد، یان واتە بە شێوەیەکی جیاوازترو سادەتر، چونکە ئێمە وانەکانمان لە پەیمانگە زیاتر ئەکادیمی بوو، بەڵام لێرە وانییە دەبێت بە شێوازێکی وا سادە بێت، کە هەم منداڵ ئەگەر بیبینێت تێیبگات، یان بەشێوازی قسەکردنیش بێگومان زیاتر بچێتە مێشکیانەوە.

سروە خان لەقسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: من وەکو خۆم زۆر سوودم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بینیوە لەبەرئەوەی مامۆستاکان بە شێوازێکی ڕێکوپێک وانەکانیان بۆ ئێمە دەگوتەوە و ئێمەی قوتابییش هەوڵی خۆمان بەکار دەهێنا، چونکە هەر کەسێک، ئەگەر خۆی هەوڵنەدات، هەوڵی خۆی بەکارنەهێنێت بروانامە پێیبگات.

خاتوو سروە دەرچووی بەشی شێوەکارە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، بەڵام وانەی، یان کاری شانۆ بە منداڵانی باخچەی ساوایان دەکات بەتایبەتی بەهرەمەندەکان.

- لەبەرئەوەی شارەزاییم لە بواری شانۆش هەیە، لە ڕێگەی باوکمەوە **((عەباس ژاژڵەیی))** لەم بوارەش کارم کردووە و ئاشنایەتیم پەیدا کردووە. لەبەرئەوەش هەست دەکەم لێرەش منداڵەکان زیاتر پێویستیان بە بواری شانۆ هەیە و هاوکاری ئەم بوارەش دەکەم، واتە ئێمە لێرە هاوکاری یەکتر دەکەین هەم لە بواری شێوەکاری هەم لە بواری شانۆ، یان هەر پێویستییەکی باخچەکەمان پێی هەبێت.

* لەگەڵ ئەمانەی سەرەوە پێمان خۆش بوو بزانین خاتوو سروە چەند پێشانگەی تایبەتی کردۆتەوە و بەشداری لە چەندی دیکەی هاوبەش کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٧ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان پێشانگەیەکی هاوبەشمان کردەوە لە نێوان من ودوو هاوڕێمدا لە یادی ١٨ی شوبات ، کە من بە ١٣ تابلۆ بەشداربووم کردو دواتر پێشانگەیەکی دیکەمان بەهەمان شێوە لەناو پەیمانگەدا کردەوە،کە تیایدا لاسایی کەرنەڤاڵە جیهانییەکانمان کردەوە.



سەبارەت بەکاری تایبەتی خۆم، یان پێشانگەی تایبەتی چەندین کاری دیکە، کە ئێستا لەسەر دیواری پەیمانگە، ئەگەر قوتابیانی دیکە ئیشیان لەسەر نەکردبێت وەکو خۆی ماوەتەوە.

هەروەها نابێت ئەوەش لەیاد بکەین وێنە دیوارییەی باخچەکەمان، کە وێنەی منت لە تەکیدا گرت کارێکی دیکەی بەرهەمی منە و لەبەرنامەماندا هەیە، ئەگەر دەرفەتمان بۆ بڕەخسێت بەپێی پێویست وێنەی دیکەش لەسەر دیواری باخچەکەمان دەنەخشێنین.

بیرۆکەی وێنەکە بۆ خۆم دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هاوکاری ئالان جافی هاوسەرم ئەم تابلۆیەمان نەخشاندووە، کە درێژیەکەی ١٠ مەتر و بەرزیشی ٤ مەترە. بابەتی وێنەکە زیاتر منداڵانەیە و بیرۆکەکەشمان لەچەند کۆڤارێکی منداڵان وەک هەنگ، ئاسۆی منداڵان هەڵبژارد و تێکهەڵکێشی یەکترم کردو کردم بە یەک تابلۆ.

- ئەمانەی خوارەوە بە کورتی:

*** ئەگەر داوات لێبکەن لە فیلمێکی سینەمایی ڕۆڵێک ببینیت؟**

- ئەگەر بوار هەبێت ئاساییە.

*** پابەندبوونی ماڵەوە؟**

- منی لە هونەر دوورنەخستۆتەوە.

*** گوێ لە مۆسیقا دەگریت؟**

- بەڵێ... زۆر

*** باوکت عەباس ژاژڵەیی؟**

- هونەرمەندێکی بەتوانایە و هەم لەگەڵ ئەمەمشدا هاورییەکی زۆر نزیکی یەکین.

*** دایکت؟**

- هەر باس ناکرێت و زۆر خۆشەویستە لەلام.

*** لەگەڵ ئالانی هاوسەرت چۆنن؟**

- وەکو دوو هاوڕێ لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەین .

*** خۆشەویستی؟**

- خۆشەویستی زۆر شت دەگەیەنێت، خۆشەویستی دایک، باوک، خاک بۆ نموونە: من کاتێک بەسەفەر دەچمەوە سلێمانی، کە دەگەمەوە ناو شار هەست بە خۆشەویستییەکی زۆر گەورە دەکەم و هەست دەکەم سەر لەنوێ لە دایک دەبمەوە.